# ئەو گەمەیەی مەرگ بردییەوە

"گەر مەرگی تۆ دەستی ڕەشی خوای لەپشتەوە بووبێ
داوات لێدەکەم بیبەخشی"

## لازۆ

*به مرۆڤێك له ڕەنگ به مامۆستا سەروەت پێشكەشه*

ئاگات لێیە مامۆستا، مەرگ بەرۆکی ئەم شارە بەرنادا و ، لە پشت پەنجەرەکانی ڕۆحمانەوە نیگامان دەکات.
ئەو هەمیشە بەخۆی و قاپوتە ڕەشەکەیەوە لەوێیە، لەوێیە و ئێمەش لەبەر بارانی چاوەڕوانی پەلامارێکدا وەستاوین. زۆر جاریش وەك ڕەشەبایەکی فێڵباز بەلاماندا گوزەر دەکاو هیچ ناڵێ ، هیچ..هیچ
ئەو نەیدەوێرا توخنتکەوێ نەبەسەر تابلۆیەکتەوە، نەلەکێڵگەیەکی مینڕێژکراودا نە لەو کاتانەشدا کەلە ڕوخساری حەزینی نیشتیمان دەچوویت.
ئەو ماندوو بوبوو لە ڕاکردن بە شوێن هەنگاوەکانتدا.
ئەم جارەیان فرسەتێکی زۆلانەی لێهێنایت، لە پشتەوە هەردوو دەستی خۆڵەمیشی خستە سەرچاوانت و بەدەم هانکە هانکەوە وتی من کێم؟
من تا ئێوارێی مەرگی تۆش زمانلوسیم بۆ مەرگ دەکرد و دەمووت: تۆش جوانییەك لە پێکهاتەدا هەیە، ڕەنگە ئێمە درکی پێنەکەین.
ئێوارەیەك هات و تێگەیشتم مەرگ تا بڵێی خوێڕییەو جادووگەرێکە ڕەش دەچێتەوە لە دووڕویدا.
هەزاران جار لە باخچە خۆڵاوییەکانی غەریبیمدا یاری چاوشارکێمان کردوو هەر ئەو گڕئەدرا و من بردمەوە، من خلەفام هەزاران جار بردمەوە و دواجار دۆڕام،

هەواڵی مەرگی تۆ، زریکەی ڕژانە کۆلانە تەڕەکانی وجوودمەوە و بڕیارمدا ژیرنەبمەوە، من ئەو ئێوارێیە سنگم پڕکرد لە توڕەبوون و چومە ئەو باخچانەوە کە هەزاران یاری دۆڕاوم لەگەڵ مەرگدا تیادا کرد.
من ئەمزانی ئەو لەژێر شەونمی گەلایەکەوە تێمدەڕوانێ و دەلێت ئیتر من بردمەوە.
من کەوتمە سەر چۆك هاوارم کرد هەرگیز لێت خۆشنابم و چیتر گەمەت لەگەڵ ناکەم. هێندە گریام خەوم لێکەوت و خۆم لە شەقامی سابونکەراندا بینییەوە،
ئەوێ پڕبوو لە ورك گرتنەکانم لە منداڵیم و ڕەشبینیەکانم لە گەورەبوون،
ئەوێ لێوان لێو بوو لە مەرگی ناوادەی تۆو چەپۆکی وەنەوشەی نیشتیمان بەسەری خۆیدا.
دەنگی ناسازی مەرگ بەئاگای هێنام و ووتی بمبەخشە!

***تێبینی:*** *من زۆر زویرم لەمەرگ ،ئەو بەڵێنی دامێ چیتر فێڵم لێنەکات و تا کاتی گەڕانەوەم بەتیلەی چاویش سەیری ڕۆژهەلات نەکات.*